# کارگێڕی ستراتیژی..
# لە پێناو دامەزرانی حکومەت و دەزگای نوێ دا

## ئابووری و ویستی گۆڕان فشارو پاڵەپەستۆ بۆ ریفۆرمی کارگێڕی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت

●●●
**سیستەمی کارگێڕی لە عێراق دا بیرۆکراسی زۆری تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا بانگەشەی ئابووری بازاڕو دیموکراتییەت دەکەین.**
●●●

لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و، بانگەشەکردنی کرانەوەی بازاڕ و لیبرالییەتی ئابووری و تەوژمەکانی ڕێگای سێیەم و چەندین تێڕوانینی نوێی گلۆبالیزم دەرکەوتووە کە لە دنیای پێشکەوتووی دەرەوەدا هەنگاوی بوێرانەو خێرای بۆ نراوە، کاتی گۆڕانی سیستەمی کارگێڕی و بەکارهێنانی کارگێڕی ستراتیجی لە هەرێمی کوردستان هاتووە، کارگێڕییەك لە ناو دامەزراوە حکومی و کۆمپانیا تایبەتییەکانی هەرێمەکەدا هێشتا گۆڕانی بنەڕەتی و ستراتیژی بەخۆوە نەبینیوە، ئەم دۆخە دژوارەی کارگێڕی لەکوردستاندا کاتێك زیاتر دەردەکەوێت کە ئاستی نزمی بەڕێوەبردن لە ناو یەکەکانی بەرهەم و خزمەتگوزاری و بازاڕ بە زەقی دەبینرێت، کە لە دۆخێکی بێ بەرهەمی و لاوازی گەیاندنی خزمەتگوزاری و پشێوی بازاڕ دەردەکەوێت. لەم چەند ساڵەی رابردوو بەراورد بە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گۆڕانکاری لە بارودۆخی کارگێڕی لەلایەن رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانەوە فەرامۆشکراوە، لێرەدا حکومڕانییەکی باش و بوێر پێویستی بە داڕشتنەوەی ستراتیژییەتێکە بۆ کارگێڕی و دابەزینییەتی بۆ خوارەوەی بەڕێوەبردن لەناو یەکەکانی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و بازار. بەو پێیەی لە ئەزموون و کارگێڕی وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەنی مۆدێل وسیستەمی کارگێڕی پێشکەوتوون، بەڵام بەڕێوەبردن لە هەرێمەکەماندا و لە ناو دامودەزگاکانی حکومی و ئەهلی دابەزیوەتە سەر نزمترین ئاست و لە هەموو موئەسەسەو دامەزراوێکی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێن کێشەی گەورەی گەندەڵی و مەحسوبییەت و ناشەفافییەت و بێ بەرهەمی و خراپ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان هەیە، کەواتە کارگێڕی ستراتیژی پرۆسەیەکی فەرامۆشکراوە لە هەرێمەکەماندا.

●●●
**کاتی ئەنجام دانی ریفۆرمی کارگێڕیدا گۆڕینی سیستەمەکەبە گشتی کارێکی پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی و کارگێڕییەکی سەرکەوتوو**
●●●

ئەمەش ئەرکی دەسەڵاتە مشورێکی کارگێڕی و بەڕێوەبردن بخوات، چونکە کارگێڕی ستراتیژی لەسەرەوە دێتە خوارەوە، پرۆفیسۆر کازم حەبیب ئەکادیمی عێراقی و شارەزا لە بواری ئابووری و کارگێڕی پێی وایە ((سەرجەم پرۆسەی کارگێڕی و گۆڕانکاری و نوێکردنەوە ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە، دواتر دادەبەزێتە سەر ئاستی وەزارەت و دامودەزگا میری و ئەهلییەکان، ئەمەش ئەرکی لیژنەو ئەنجومەنێکی پسپۆر و شارەزایە..)) حکومەت لەم ساتەوەختەدا کە بەنیازی گۆڕانکاری وەزارییە، پێویستە لە سەرجەم بوارەکاندا خۆی بۆ واقیعە نوێیەکە ئامادە بکات، بەتایبەتی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن کە هێشتا لە زۆربەی وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان خاوەنی سیستەمێکی باش بەڕێوەبردن و کادیری



لێهاتوو بە تواناو بەهرەمەند نین، لێرەدا باس لە گرنکی بەڕێوەبردن دەکەین و ئاماژە بەو خاڵانەش دەکەین کە بووەتە هۆی لاوازی و کەوتنەوەی قەیرانێکی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، کە لە حکومەتەیەك لە دوای یەکەکانی بەغدا بۆ ئێمەی کورد وەکو میراتییەك بۆمان ماوەتەوە، کارگێڕییەك میرات و کەڵەکە بوو چەند ساڵەی حوکمڕانییەکی ناوەندییە و، لە شەڕی ناوخۆو عەقڵییەتە داخراوەکان ئەوەندەی تر شێواندرا .

لەگەڵ داڕشتنەوەی خاڵە ستراتیژییەکانی کارگێڕی و گۆڕینی بەرنامەو پرۆسەی کارگێڕی، پێگەیاندنی کادیری هۆشیارو شارەزاو بەهرەمەند پێویستە، کلیمین شپیرا شارەزا لە



کامەران بیرکوتی

بواری فرۆشتن و ئەندازیاری ئەلەکترۆنییات لە ئیسکرا میکۆ لەمبارەیەوە دەڵێت : ((ئەوەی وایکرد سلۆفینیا لەم بوارەدا پێشبکەوێت ژێرخانی مەعریفی بوو لە لای تاکی سلۆفینیایی، کە بووە هۆکاری گەشەکردنی پیشەسازی و ئابووری، کارمەندو کادیری سلۆفینیایی بەردەوام سەرقاڵی مەشق و راهێنان بوون بۆ پێگەیاندنی تواناکان، ئەمەش بۆ چاککرنەوەی سیستەمی کارگێڕی پێویست بوو،چونکە دانانی سیستەمی کارگێڕی بێ کادیر بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت، پێگەیاندنی بەهرەو تواناکان و پێشختنی ژێرخان و دابینکردنی ژینگەیەکی لە بار بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەسازی تەکنەلۆژیا و ئابووری لە ڕێگای ستراتیژییەتێکی پتەو سەرەتای ڕێگایە بۆ پەرەپێدان))، (شێڵ فۆرس) خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەو بڕوانامەی ماستەر لە زانست،ئەندامی ئەنجوومەنی پەنابەرە گەڕاوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی سوید دەڵێت: ((پەروەردەو فەرهەنگی ئابووری لەپێناوی دەوڵەمەندبوونی تاکەکان لە بواری سەرمایەی مەعریفی بە یەکێك لەو بوارە گرنگانە دادەنرێت، کە جێی بایەخی سەرجەم ئەو وڵاتانە بووە، کە چونەتە قۆناغی گەشەکردنی ئابوورییەوە))..

**کامەران بیرکوتی شارەزای بواری کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان و، لە USID لەبواری پڕۆژەی حکومەتی خۆجێی کاریکردووە، ناوبراو وەکو سەرپەرشتیار و مامۆستا پتر لە ١٥ خولی پەرەپێدانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی بۆ کادیرانی بەڕێوەبردن لە عێراق کردۆتەوە،** سەبارەت بە سیستەمی کارگێڕی پێی وایە کارگێڕی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کەموکورتی زۆری تێدایە، بەگشتی سیستەمەکە بیرۆکراسی زۆری تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا بانگەشەی ئابووری بازاڕو دیموکراتییەت دەکەین، بڕیارەکان هەمووی لە سەرەوە دەردەچن و هونەری کارگێڕی هێشتا بە شێوازێکی کۆنی شەست و حەفتاکان بەڕێوە دەچێت، کاتێك کارگێڕی و هونەری بەڕێوەبردن وەکو چۆن لە پرۆسەی ئابووریشدا پێویستە بەسەر پانتاییەکی فراوانتا دابەش بێت و سیستەم و بەرنامەیەکی توندی چاودێری سەرپەرشتی و چاودێری بکات، بە هەمانشێوە دەسەڵاتەکان بە پێی یەکە کارگێڕییەکان مەرجە حکومەت دابەشی بکات، ئەم دابەشکردنە لە ڕێگای کۆنترۆڵێکی شارەزاو چاودێرییەکی وردەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بەدواداچوونی هەیە.

بەمشێوەیە من پێم وایە عێراق بە گشتی و کوردستانیش لەگەڵیدا پێویستی بە پرۆسەیەکی ریفۆرمی کارگێڕی هەیە، حکومەت گەر بیەوێت چالاك و بە تواناو بەهێز بێت بێ ریفۆرم و گۆڕان نابێتە خاوەنی حکومڕانییەکی باش و سەرکەوتوو، لەم روانگەیەوە حکومەت ئەو راستییە دەزانێت پێش ریفۆرمی ئابووری و سیاسی کە من پێم وایە هاوتەریبن لەگەڵ یەکتر مەرجە ریفۆرمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن ئەنجام بدات، کەسانی بە تواناو دڵسۆز لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنێت، لەمەش گرنکتر لە کاتی ئەنجام دانی ریفۆرمی کارگێڕیدا گۆڕینی سیستەمەکە بە گشتی کارێکی پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی و کارگێڕییەکی سەرکەوتوو . کێشەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن کاتێك ئاڵۆزتردەبێت کە خاوەنی دامودەزگاو دامەزراوی پێشکەوتوو نەبین، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وڵاتانی دواکەوتوو، بەمشێوەیە نەبوونی دامەزراوی مەدەنی و پێشکەوتوو لە عێراق هاوکاتە لەگەڵ لاوازی سیستەم، جوانترین ئەزموون و سیستەمی

**پێشبینی سەرکەوتنی تەکنوکرات لە عێراق دا دەکەم، بەتایبەتی کە ویستی گۆڕان هەیە**

## کارگێڕی ستراتیژی پرۆسەیەکی فەرامۆشکراوە

گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە رۆڵییان لە پێشخستنی ریفۆرمی کارگێری هەیە، لە پێناو پێشخستنی توانا ئیدارییەکان

١. گۆڕینی سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن بە گشتی .

٢. دەسکاریکردنی میلاکات و بۆستە ئیدارییەکان .

٣. کەمکردنەوەی بیرۆکراتییەت و فراوانکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

٤. دامەزرانی یەکە و دامەزراوی پێشکەوتوو.

٥. پابەندبوون بە یاساو ڕێزگرتنی تەواوی تەشریعات و ئیجرائاتەکان و گۆڕینی ئەو یاساو تەشریعاتانەی کە خزمەت بە بارودۆخەکەی بازاڕو لیبرالییەتی ئابووری ناکەن .

٦. دیاریکردنی چەمکی ئازادی لە روانگەی ئەرك و مافەکانەوە .

٧. ریفۆرم و پرۆسەی نوێبوونەوەی کەرتی کارگێڕی هاوکات بێت لەگەڵ ریفۆرمی کەرتی تایبەت دا .

٨. جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان لە دامەزراوەکاندا

٩. پێشخستن و پێگەیاندنی کادیری بە تواناو کارا لە ڕێگای پەرەپێدانی خولەکانی مەشق و راهێنان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئاستی هۆشیاری و مەعریفەیی.

١٠. بەشداریکردنی زۆرینە لە پرۆسەی گۆڕان و پەرەپێدانی کارگێڕیدا

١١. کردنەوەی دەرگای گفتوکۆو وتووێژ لەگەڵ بەرهەڵستکاران وەرگرتنی راوبۆچوونی جیاواز بۆ گفتوکۆکردن وازهێنان لە بیرۆکراتییەت و هاندانی دەستپێشخەری فەردی .

١٢. پلان و جێبەجێکردن ؛ رۆڵی سەرەکییان بێ بدرێت لە پێناوی چاککردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان..

١٣. کەمکردنەوەو روبەرووبونەوەی گەندەڵی کارگێڕی (بیرۆکراتییەت و رۆتین و مەحسوبییەت و واستەو بەرتیل .

جوانترین ئەزموون و سیستەمی کارگێڕ لە جیهاندا سیستەمی ئەمەریکایە، لەوێ سیستەمی کارگێڕی لە کەرتی گشتی و تایبەتی زۆر پێشکەوتووە، کە لەسەر بنەمای کرانەوە بە رووی جیهان دامەزراوەو هاوسەنگی و بلانسی لە نێوان هەردوو کەرتی کشتی و تایبەتی راگرتووە

کارگێڕ لە جیهاندا سیستەمی ئەمەریکایە، لەوێ سیستەمی کارگێڕی لە کەرتی گشتی و تایبەتی زۆر پێشکەوتووە، کە لەسەر بنەمای کرانەوە بە رووی جیهان دامەزراوەو هاوسەنگی و بالانسی لە نێوان هەردوو کەرتی کشتی و تایبەتی راگرتووە، ئەمەش واقیعێك بوو بەسەریدا چەسپا مادام دەیویست لە ئیکۆنۆمیدا سەربکەوێت، واتە ئابووری و ویستی گۆڕان فشارو باڵەپەستۆ بۆ ریفۆرمی کارگێڕی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ..

خاڵێکی تری سەرکەوتنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانە، ئەم خاڵە بوارێکی زۆر گرنکە، چونکە لە عێراق و کوردستان و وڵاتانی جیهانی سێیەمیش خەلەلەکە تەنیا لە جێبەجێکردنی پرۆژەدا نییە بەڵکو لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکەش دایە کە زۆربەی جار هەموو دەسکەوتەکان لە ناو دەبات، بەڕێوەبەری سەرکەوتوو لە ناو نیزامێکی پێشکەوتوودا کارا دەبێت و دەرئەنجامەکەشی لە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پرۆژەکاندا دەردەکەوێت . دایانڕێشتووە .


پێشبینی سەرکەوتنی تەکنوکرات لە داهاتووی حوکمڕانی عێراق دەکەم، بەتایبەتی کە ویستی گۆڕان هەیە و پارت و سیاسەتمەدارەکانیش بڕیاریان داوە کەلە چوارچێوەی ململانێ دا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن، سەرکەوتنی سیاسەتمەدار لەوەدا نییە کە تەکنوقرات بهێنێت و پێی بڵێی چی بکەین؟، بەڵکو لەوەدا یە کەسی سەرکردەو سیاسەتمەدار بڕیار بدات و نەخشەی ڕێگا هەڵبژێرێت دواتر تەکنۆقرات بهێنێت و داوای گەیاندن و جێبەجێکردنی نەخشەکەی لێبکات، هەڵەی گەورەی سیاسەتمەدار لەوەدایە تەکنۆکراتەکان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی بکەن کە بە چی ئاراستەیەکدا بڕۆن، ئەوان تەنیا ئەو شێوازو کارانە ڕێك دەخەن کە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانج و ویستانەی کە دەسەڵات و سەرکردە دایانڕشتووە .

**ئەسیل نەزار راهێنەری پێشکەوتوو لە تیمی ئەندازیاری ئەمریکا کە لەگەڵ تیمی ئەندازیاری ئاوەدانکردنەوەی ئەمریکی وەکو راهێنەری پێشکەوتوو لە بواری کارگێڕیدا کاریکردووە،** لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا باسی لەو گۆڕانکارییانە کرد کە لە دوای ٢٠٠٣ ەوە لە عێراق بەگشتی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی رویانداوە، ئەمەش حەتمییەتی گۆڕانکاری کارگێڕی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەسیل پێی وایە : ئەو گۆڕانکارییەی کە لە عێراقدا روویانداوە دەیچەسپێنێت کە سەرجەم دامودەزگایەکانی حکومەتیش گۆڕانکاری بەرنامەو کارەکانیاندا بکەن، ئەمەش بێ گۆڕان لە سیستەمی کارگێڕی بنیات نانرێت، گۆڕانیش لە سیستەم و بناغەوە دەبێت، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە باس لە کرانەوەی ئابووری و گەشەکردن و بوژانەوەی ئابووری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و دەیان پرۆژەو کاری تر دەکرێت، بەڵام زۆربەی بەرنامەو حەزو ویستەکان بەهۆی خراپی ئیدارەوە جێبەجێ نەکرا، میراتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە دواکەوتەیی سیستەم و کارگێڕی دا بۆمان بە جێ ماوەو دەربازبوون پێویستی بە بڕیاری بووێرانەی دەوێت، تاوەکو کورسییەکان لە ژێر دەستی کەسانی ناکارامەو بێ بەهرە دەربهێنرێت و کارگێڕیمان دووبارە ویستی گۆڕانی تێدا بچەسپێت، گەورەترین تەحەدا لە بەردەم حکومڕانی باش و دامەزرانی کارگێڕییەکی سەرکەوتوو بۆ نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی کارگێڕی دەگەڕێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە توێژینەوەو راپۆرتی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام بدرێت، تاوەکو هەرێمی کوردستان و عێراقیش لە قەیرانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن دەربازیان بێت .قەیرانێك کە هەڕەشەی روخاندنی هەموو ئامانج و ویستەکانمان لێدەکات، راستە واقیعی ئابووری لە رووی بەرزبونەوەی داهاتی تاکە کەسیی و کرانەوە بەرووی دەرەوەو پێشکەوتنی فەلسەفەی حوکم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە رووی کارگێڕییەوە لە ئاست واقیع و بارودۆخەکە نییە . چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان و گۆڕانکاری بنەڕەتی روویان نەداوە.



ئەسیل نەزار

سەبارەت بە بەرنامەو ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو کە ناوبەناو باس لە مۆدێل و ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا دەکرێت، ناکرێت بێین بێ دیراسەت و بە ویستی خۆمان و حەزەکانمان باس لەو ئەزموون و بەرنامانە بکەین و داوای جێبەجێکردنی لە سەر ئەرزی واقیعی کوردستان یاخود عێراق بکەین، بێ گوێدانە کلتوورو ئابووری و سیاسییان، کارگێڕی و ویستی گۆڕان لەم بوارەدا پەیوەندی بە ( پەروەردەو فێرکردن و رۆشنبیری و هۆشیاری و فەلسەفەی حوکم) ەوە هەیە زنجیرەیەکی دانەبڕاوی تەواوکارییە کە کۆمەڵگای مۆدێرنی لەسەر بنیات دەنرێت، لەمەش گرنگتر ویستی دەسەڵاتە بۆ گۆڕانکاری بە تایبەتی کە کارگێڕی ستراتیجی بەیوەندی بە دەسەڵاتی باڵاوە هەیە، لە هەرەمی دەسەڵاتەوە بڕیارو راسپاردەکان تێتە خوارەوە و جێبەجێ دەکرێت، ئومێدەوارم لە کوردستان وەکو ئەزموونێکیش بۆ عێراق و ناوچەکە دەست بە ریفۆرمی کارگێڕی بکرێت وشێوازی بەڕێوەبردنیش پێشخرێت، مادام دەسەڵات دەیەوێت پرەنسپەکانی ئازادی و دیموکراتی پیادە بکات، مەرجە تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی خۆیدا هەبێت، کە بەبێ دارشتنەوەی سیستەمێکی نوێی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان ئەو حوکمڕانییە باشە مسۆگەرناکرێت .



●●●

**مادام دەسەڵات دەیەوێت پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراتی پیادە بکات، مەرجە تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی خۆیدا هەبێت، کە بەبێ دارشتنەوەی سیستەمێکی نوێی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان ئەو حوکمڕانییە باشە مسۆگەرناکرێت.**

●●●

ئەنجیلۆ کاسبانی
سکرتێری گشتی پیشەسازیکاران و تەکنەلۆژیای ئیتاڵی لە عێراق و نوێنەری کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لە ئیتاڵیا ( بۆ گوڵان):

# ئومێد بۆ گۆڕان سەرەتای ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی

■ گەرنزیکبوونەوەی شارســـتانییەکان لە پێناو پەرەپێدان و گەشـــەی ئابووری و خۆشگوزەرانیدا بێت، ئەوا ئەرکی ڕۆشنبیران و دەستەبژێری ئابــووری و توێژەکانی تری نــاو کۆمەڵگایە کار بۆ نزیکبوونەوەی دابونەریت و خۆگونجاندن و لێکگەیشـــتنی نێوان کومەڵگاو کلتوورەکانی بکەن، بەواتایەکی تر کۆمەڵگاو ئاســـتی هۆشـــیاری و مەعریفەیی تاکەکان لە ئاست واقیع و قۆناغەکەدا بێت، کرانەوەی سنوورەکان و ئومێد بۆ گەیشـــتن بە گەشـــەی ئابووری و خۆشگوزەرانی تەنیا بەس نییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، پەرەپێدانی ئابووری و گەشەکردن هاوکاری و یارمەتی دەرەکی پێویســـتە، ئەمەش بەبێ تێکەڵبوون لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو نزیکبوونەوەی کلتوورەکان دروست نابێت، پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان هۆکارێکە بۆ نزیکبوونەوەو لێکتر ناسین، ئەمە راوبۆچوونی شارەزایەکی پەیوەنـــدارە بە ئامادەکردنـــی ژینگەی وەبەرهێنان لەو وڵاتانەی لەدوای شـــەڕ دەیانەوێت ئابووری و ژێرخانەکەیان ئاوەدان بکەنەوە .

ئەنجیلۆ کاسبانی سکرتێری گشتی پیشەسازیکاران و تەکنەلۆژیای ئیتاڵی لە عێراق و نوێنەری کۆمپانیا ئەمەریکییـــەکان لە ئیتاڵیا لەمبارەیەوە پێی وایە :(( گۆڕینی بارودۆخەکەو کرانەوەی ســـنوورەکان و هاتنی وەبەرهێنەرو بیزنســـکارەنی بیانی ئەوە دەخوازێت هەرێمەکە لە ئاست ئەو پێشکەوتنەدا بێت، ئەمەش پێویستی بەخۆگۆڕان و نزیکبوونەوەی کلتوورو تواناکان هەیە))،

گۆڤـــاری گوڵان دیالۆکێکی لەگـــەڵ ئەنجیلۆ کاســـبانی ئەنجام دا لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانی بڵاو دەکەینەوە.■



ئەنجیلۆ کاســبانی سکرتێری گشتی پیشەســازیکاران و تەکنەلۆژیــای ئیتاڵــی لــە عێــراق و، نوێنەری کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لە ئیتاڵیا، کاری راکێشــانی تەکنەلۆژیــاو پیشەســازی ئەمەریکــی بــووە بــۆ ناو ئیتاڵیا، ئێســتاکە ســەرقاڵی کاری پێشــانگاو دۆزینەوەی بازاڕو لێک نزیکبوونــەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە لە نێوان دوو کلتوورو کۆمەڵگادا، لــە چەنــد وڵاتێــک کاریکــردووە کــە لــەدوای جەنــک بــەرەو ئاوەدانکردنــەوە هەنگاوی نــاوە لەوانــە : ســربیاو بۆســناو روســیای مەرکەزی ئــەو کاتەی بۆ روسیای ئابووری هەنگاوی نا ..

ئەنجیلۆ کاسبانی - پەرەپێدانی کلتووری ئابووری و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستاندا لەدوای ٩ی نیسانی ٢٠٠٨ەوە دەستی پێکردووە، ئەوکاتەی پێداویستی قۆناغەکەو کرانەوە بەرووی دەرەوە ئەم واقیعە تازەیەی دروست کرد، بەڵام لەگەڵ نەبوونی شارەزایی و پسپۆرایەتی گرفت کەوتە بەردەم گەشەسەندنی خێرای کوردستان، بەحوکمی شارەزایم لە هەرێمی کوردستان کە سەرپەرشتی دەیان کۆمپانیاو بیزنسکارم لە ئەستۆیە کە روو دەکەنە ئەم هەرێمە، بۆیە چەند سەرنجێکم لا دروست بووە، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژەی بێ بکرێت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە دیالۆگەکەی گۆڤاری گوڵانەوە هەیە کە تایبەتە بە ((نزیکبوونەوەی کلتوورەکان لە پێناو پەرەپێدان و گەشەی ئابووری)) دا ..

کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق رووبەرووی چەوسانەوەو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی بوون، لەگەڵ کرانەوەی ئابووری و کۆمەڵگا بەرووی دەرەوە گەشەی ئابووری دەستی بێکرد، ئەم گەشەیەش پێویستی بە تواناو شارەزایی هەیە، بۆیە کوردەکان بە تایبەت گەنجەکان پەلە کردنیان پێوە دیارە لە کاری ئابووری، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەم گەشەیە بنەمایەکی پەرەپێدانی مرۆیی و مەعریفی پێویستە، گۆڕینی بارودۆخەکەو هاتنی بیزنسکارو گەورە کۆمپانیاکانی بیانی ئەوە دەخوازێت هەرێمی کوردستان توانای پێشوازیکردنی سەرمایەو تەکنەلۆژیاو مەعریفەی بیانی هەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لێکگەیشتنی کلتووری و فەرهەنگی پێویستە، بۆ نموونە کاتێك ئیتاڵییەکان روو لەم هەرێمە دەکەن، بەو واتایەی دەیانەوێت لە کوردەکانی هەرێمی کوردستان نزیك ببنەوە، بەڵام بوونی کەلێنی جیاوازی کلتووری و مەعریفی ئاستەنك دەخاتە بەردەم بەدیهێنانی خێرای ئامانجەکان، وەنەبێت لە ئیتاڵیاش کێشە نەبێت، زۆربەی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە بەدەست گەنجەکانەوەیە، کە شارەزاییەکی وەکو باوکەکانیان نییە کە بە ئەزموونی ئابووری جەنك و ناسەقامگیری و دووبارە ئاوەدانکرنەوە تێپەڕ بوون، ئەمجۆرە کێشانە تەنیا کێشەی ئیتاڵیاو کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی دووری نێوان ئەورووپای پێشکەوتوو جیهانی سێیەم و دواکەوتووشە، گەنجەکان پەلەکردنیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی قازانج و لە لایەکی تری جیهانیش خاوێتی و هێواش بۆ گۆڕان هەیە . سەردەم جیهانی کاتژمێرە بەدەستەکانە و کات بنەمای سەرکەوتنە، رۆژئاواو کوردستان دوو جیهانی جیاوازە، گەشەی کوردستان هێواشەو رۆژئاواش زۆر خێرایە، راگرتنی پڵانس و هاوسەنگی ئەم دوو کلتوورە پێویستە، یەکترناسین و پەیوەندی هەنگاوی یەکەمی نزیکبوونەوەی کلتووری شارستانییە جیاوازەکانە، میللەتی کورد میللەتێکی ئاشتیخواز و بە ئومێدە، توانی رووبەرووی ئەو هەموو زوڵم و چەوسانەوەیە بێتەوە کەواتە توانای پەرەپێدان و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی هەیە، بەڵام ئەم ئومێدە پێویستی بە ئامانج هەیە، ئامانجێك دەستەبژێری ئابووری ئاراستەیکی راست و دروستی بۆ بەرنامەو پلانە ئابوورییەکان هەبێت، بە تایبەت لەگەڵ قۆناغی داهاتوودا کە تادێت بیزنسکارو سەرمایەداری بیانی زیاتر روو لە کوردستان دەکەن، هاوکات هاتووچۆو کردنەوەو بەشداریبوون لە پێشانگاکان رووی لە زیادبوون کردووە، کۆمەڵگای ئەوروپی خاوەن کلتوورێکی کراوەیە، دەکرێت کوردەکان نزیك ئەم کلتوورە ببنەوەو سوودی لێوەربگرن، بەمشێوەیە پشت بەستن بە تواناو شارەزایی خۆیی بە هاوکاری و یارمەتیدەری بیانی دروست دەبێت، کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان خەون بە داهاتوویەکی رۆشنەوە ببینن، چونکە کاتێك تاکەکان قەناعەتیان بە ئومێد هەبێت کاری بۆ دەکەن، کوردەکانی عێراق خەونیان بە ئازادی و سەربەستییەوە دەبینی و باوەڕیان بەو خەون و ئومێدە هەبوو، بۆیە توونیان ئەو ئاواتانە بەدەست بهێنن، ئێستاکەش کاتی خەو بینینە بە گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانییەوە، بەڵام هەروەکو پێشتر باسمکرد پێویستە یارمەتی دەرەکی هەبێت، بۆ سوود وەرگرتن لەو یارمەتییەو کرانەوەیە پێویستە هەندێك دابونەریتی کۆن هەیە دەستبەرداری بن تاوەکو لەگەڵ کرانەوەو گۆڕانکارییەکاندا مسۆگەری تێکەڵاوبوون و هاتنی وەبەرهێنە بیانییەکان بکەن، بۆنموونە زۆر بواری وەکو کارکردنی ئافرەتان ویاساو دواکەوتەیی کۆمەڵایەتی هەیە پێویست بە گۆڕانە، یاخود شارەزابوون لە کلتوورو مێژوویی وڵاتانی تر، کردنەوەی خولەکانی مەشق و راهێنان و بەشداری کۆمپانیا بیانییەکان لە پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە، یاساو تەشریعاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش وا لێبکرێت لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا بگونجێت، خاڵێکی تری گرنگ مەسەلەی زمانە لە نێوان وڵاتان ومیللەتەکان، ناکرێت بیزنسکارێکی ئیتاڵی بێتە هەرێمەکەو قوتابخانەی بەزمانی ئیتاڵی و ئینگلیزی بۆ منداڵەکانی نەبێت.

کوردەکان چێگاو پێگەی خۆیان هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهاندا، من زۆر بەسەرسوڕمانییەوە دەڕوانمە ئەو کوردانەی لە رۆژکاری ئەمڕدا توانیان شکست بگۆڕن بۆ سەرکەوتن و روو بکەنە ئاوەدانکردنەوەو گەشەی ئابووری .

**لەکاتێکدا پسپۆرایەتی و شارەزایی ئەفرادەکان لە کوردستان کەمە، پەلەو خێرایی بە گەشەی ئابوورییەوە هەیە، بێگوێدانە ئەوەی ئەم گەشەیە پێویستی بە بنەمای مرۆیی و مەعریفی هەیە.**

**نزیکبوونەوەی دوو شارستانی بەبێ نزیکبوونەوەی کلتوورەکان و تێکەڵاوبوونی دروست نابێت .**

**گەنجەکان بەبێ دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مەعریفی ناگەنە ئاستی کێبرکێی قۆناغەکە.**

**پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان هۆکارێکە بۆ نزیکبوونەوەو لێکتر ناسین.**

**کۆمەڵگای ئەوروپی خاوەن کلتوورێکی کراوەیە، دەکرێت ئەمە خاڵێکی گرنگی لێکتر نزیکبوونەوە بێت.**

**ئومێد بۆ گۆڕان سەرەتای رێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی.**

**سەردەم جیهانی کاتژمێرە بەدەستەکانە و کات بنەمای سەرکەوتنە، رۆژئاواو کوردستان دوو جیهانی جیاوازە، گەشەی کوردستان هێواشەو رۆژئاواش زۆر خێرایە، راگرتنی پڵانس و هاوسەنگی ئەم دوو کلتوورە پێویستە**

**کۆمەڵگای ئەوروپی خاوەن کلتوورێکی کراوەیە، دەکرێت کوردەکان نزیکی ئەم کلتوورە ببنەوەو سوودی لێوەربگرن**